# کەبوودوەند بەتەنیا جێ مەهێڵن

**ع. و. خەندەڕەش**

**٣.٧.٢٠١٢**

**پتر لەمانگێکەمحەممەد سەددیقی کەبوودوەند مانی لە خواردن گرتووەو زیندانوان و بەرپرسانی ڕێژیمیش کەمترین ئاوڕیان لەداواکارییەکانی نەداوەتەوە. ئێستا گیانی کەبوودوەند لەمەترسیی جیددیدایەو لایەنگران و دۆستان و خەمخۆرانی ئەو و مرۆڤایەتی ئەژنۆی خەمیان بۆ گرتووەتەباوەش. ڕاگەیاندنی ڕۆژی هاوپێوەندی و هاودەردی لەگەڵ کەبوودوەند و بەرێوەچوونی ڕیزەچالاکییەک لەدەرەوەونێوخۆی وڵاتدا لەو ڕۆژەدا هەرچەندەجێگای ڕێز و ستایشە، بەڵام لەهەمبەر دەسەڵاتێکی وا دژەمرۆڤانەو دژەکوردانەدا کاریگەر و شوێندانەر نەبووەو نابێت.**

**ئەمەبۆ جارێکی تریش دەیسەلمێنێت کەلاساییکردنەوەی ئەزموونی خەباتی گەل و نەتەوەکانی تر بەبێ لەبەرچاوگرتنی وردەکاری و تایبەتمەندیەکان، سەرکەوتوو نییەو تەنیا خۆ خەڵەتاندن و بەفیڕۆدانی کات و وزەیە. ئەوانەی لەگرتنەپێشی خەباتی ئاشتیخوازانەو دوورلە توندوتیژیدا گاندی دەکەن بەنموونەو سەرمەشق، بەداخەوەهەموو جیاوازی و وێکچوونەکانی ئەم دوو نەتەوەیەو دژبەرەکانیان لەبەرچاو ناگرن و دەیانەوێت کتومت شتەکەکۆپی بکەن نەک سوودی لێوەربگرن.**

**لەو سەردەمەدا کەمەهاتما گاندی لەهیندوستان سەرقاڵی کار و خەبات بوو و خەریکی ڕێکخستن و خۆسازدان و پێکهێنانی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی بوو لەوڵاتەکەیدا، جووەکان لەئوروپا لەگەڵ قڕکردن بەرەوڕوو بوونەوەو کارەساتی هۆلۆکۆست لەدژی ئەوان ئەنجام درا. گاندی کەبڕوای قووڵی بەساتیاگراها وەک زاراوەیەکی گوجاراتی کەتەعبیر لەخەباتی ئاشتیانەو ناتوندوتیژی دەکات، وتی جووەکان دەیانتوانی بەپەیڕەوکردنی ساتیاگراها پێشگیرییان لەو هۆلۆکۆستەکردبایە. ئەو وتی ساتیاگراها دەتوانێت دڵی ڕەقی زاڵمەکانیش نەرم بکات. سەبارەت بەو وتەیەی گاندی زۆر کەس لەجووەکان نامەو سەرنج و تێبینی یان بۆ نووسی و لەڕۆژنامەکەیدا بڵاوی کردەوە، بەڵام لەهیچ شوێنێک گاندی نەیتوانی ڕوونی بکاتەوەچۆن و بەچ شێوازێک ساتیاگراها لەبەرامبەر دڵڕەقییەکانی هیتلەردا ئەگەری سەرکەوتنی هەبوو. ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیەکەکۆپیکردن سەرکەوتوو نییە.**

**داگیرکەری هیندوستان و دژبەری هیندییەکان نەتەوەیەکی مەزنی وەک بریتانیا بوو کەلانیکەم پابەندی ئەو قانوون و ڕێوشوێنانەبوو کەخۆی داینابوون؛ بەڵام دژبەری ئێمەی کورد نەتەوەیەکی فەرهەنگ نزمی بەدڕەوشتەکەتەنانەت پابەندی قانوون و شەریعەت و ئایینی خۆیشی نییە. ماوەی ٣٢ ساڵەقانوونی بنگەهیی بۆخۆی نووسیوەو پەسەند کردووەبەڵام جێبەجێی نەکردووە. دۆست و یار و هاوکار و هاوباوەڕەکانی خۆی زیندانی و قەتڵوعام کردووەو هیچ باکی نییە! هەربۆیەدەڵێم خەباتی ئاشتیانەلەگەڵ وەها دوژمنێک بەم کەرەستانەو بەم شێوازەی ئەمڕۆ سەرکەوتنی ئەگەر مەحاڵیش نەبێت زۆر چەتوونە.**